# تورکیا و پکک، هاوکێشه ناکۆک و لەیەکچووەکان

**بەشی دووەم:**

**هیوا عبدلله**- بلجیکا
Hiwa.Abdullah@gmail.com



لە بەشی یەکەمینی ئەو بابەتەمدا، جەختم لەسەر ناکۆکیە ناوخۆییەکانی تورکیا کرد کە بە ڕای من تاڕادەیەک کاریگەریان بەسەر ئەو ڕەوشەوە هەیە کە دەوڵەتی تورکیا پەیدای کردووە. لەم بەشەدا باس لە هەندێک هاوکێشەی سیاسەتی دەرەوەی لایەنە پەیوەندی دارەکان بەو کێشەیەوە دەکەم.

ئەگەرچی لەم ڕۆژانەدا زۆر نوسین لەو بارەیەوە نوسراون و لەوانەیە بەشێک لە زانیاریەکان دووبارە ببنەوە بەڵام بە پێویستی ئەزانم هەندێک وردەکاری جیاواز لەو بارەیەوە بخەمە ڕوو کە سودی بۆ تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی مەسەلەکە دەبێ. دەوڵەتی تورکیا پاشماوەو بەرهەمی ئیمپراتۆریای عوسمانیە کە بە سەدان ساڵ لە ڕۆژهەڵات تا ڕۆژئاوا، لە ئەفریقیا تا کەناری سنوری ئەوروپاو ئاسیای ناوەڕاست حوکمی کردووە کاریگەری بەسەر ناوچەکەوە بووە، ئێستاکەش دەوڵەتی تورکیا لەناو قەیرانێکی ئابوری و سیاسیدا گەورەدا دەژی، لەوانەیە لایەنێک لەو لایەنە قوڵەی قەیرانە ئایدیۆلۆژیای کەمالیستی و دەوڵەتنەوەی تورکیا خۆی بێ. حکومەتی دادوگەشەپێدانیش وەکو زۆر کەس چاوەڕێیان دەکرد نەیتوانی ئەو قەیرانە چارەسەر بکات بەڵکو قوڵتری ئەکاتەوە کە ئێستاش نیشانەکانی دەبیندرێن.

خۆی لە خۆیدا دەکرێ ئەوە بوترێ تورکیای دوای عوسمانی تا ئێستاکەش سەرباز و پیاوە گەورەکانی ناو سوپا بەڕێوەی دەبەن، بڕیارە ستراتیژیەکان، بڕیارە چارەنوسسازەکان هەمووی بەدەستی پیاوە گەورەکانی ناو سوپان. سوپاش لەچەند کەسی نەتەوەپەرست پێکهاتون کە بەردەوام خەیاڵە ناسیۆنالیستیکەیان بۆ دواوەیان ئەباتەوە، خەیاڵە ناسیۆنالیستەکان ئەیانباتە ئەوبەری لۆژیک و عەقل ئەویش گەڕانەوە یان خەون دیتن بە گەڕانەوەی سەردەمی عوسمانی و لوتبەرزیە.

کاتێک تورکیای هاوپەیمانی کۆنی ئەمریکا و دۆستی گرینگی ئێستای هەست بە چەندین گۆڕانکاری دەکات لە ناوچەکە بەبێ ئەوەی ئەو ڕۆڵەی ئەو چاوەڕوانیەتی پێی بدرێ، جگە لەوەش دەستێوەردانی ئەمریکا بۆ ناوچەکەو ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام و هاتنەکایەی قەوارەیەکی کوردی بەناوی هەرێمی کوردستان کە خاوەن سەروەریەکی دەستوری و سەرۆک و حکومەت و پەرلەمانە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر جیرانەکان و بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکات، کە بۆ ئەو کێشەیەکی بەناوی کورد هەبونی نیە، کێشەی کورد لە لایەن تورکیا بریتیە لە تیرۆر و دابەشکردنی خاکی تورکیا. تورکیا لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردودا چەندین هەنگاوی نا بۆ ئەوەی قەیرانەکانی چارەسەر بکات، تەنانەت هەندێک جار ئەمریکاو ئەوروپاشی ناچار کرد کە بەپێی ئەوو لەسەر شوێنپێی ئەو هەنگاو بنێن، بەڵام هیچ کام لەو هەنگاوانە نەیانتوانی کێشەی کورد، قەیرانی ئابوری، کێشە کۆمەڵایەتیەکان چارەسەر بکەن و خەیاڵە ناسیۆنالیستەکانی سەرانی

کۆشکی چانکایا تێربکەن. بۆیە لە ساڵانی ڕابردودا شەڕ دژی "پکک"، خزاندنی ناوی "پکک" بۆ لیستی تێرۆری ئەمریکا و ئەوروپا، دەستگیرکردنی "ئۆجالان" سازکردنی چەنین ڕێکخراوی کۆپیکراوی وەک بەرەی تورکمانی-عێراقی، هەوڵدان بۆ بونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، پەیمانی ئابوری لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ وەک ئێران، سوریا، ڕوسیا و چین و...هتد. تورکیایان لەو قەیرانانە ڕزگار نەکرد، هەتا لە هەندێک شوێن گومانی بۆ ئەوروپاو ئەمریکا ساز کرد وەک ئەوەی ئایا بەڕاستی تورکیا ئەشێ ببێتە هاوپەیمانێکی ئەمریکا، ئەشێ تورکیا گرێبەستەکانی کۆپنهاگن و چەندین پەیمانی تر کە لە چوارچێوەی بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا مۆرکراون جێبەجێ بکات؟. بۆیە ئەکرێ بوترێ لە ماوەی ئەو هەمو ساڵەدا بەتایبەتی دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام تورکیا لەناو گێژاوێکدا ئەخولێتەوە نازانی ستراتیژی خۆی بەکام ئاراستەدا ڕێکبخات، زۆربەی زۆری چاودێرانی سیاسەتی نێونەتەوەیی پێیان وایە تورکیا بڕیاری نەداوە لە چوارچێوەی مەرجە ستراتیژیەکاندا لەگەڵ ئەوروپاو ئەمریکادا بمێنێتەوە. لە ئانجامدا تورکیا ناچارە ڕێگای دووەمینیان هەلبژێرێت ئەویش چارەسەرکردنی قەیرانەکانیەتی لە ڕێگایەکی دیکە یان شاردنەوەی ئەو قەیرانانە لەژێر ناو و بیانوی دیکە، لەوانەیە لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ سەر سنورەکانی باشوری کوردستان هەر ئەوە بێ، تورکیا پێی وایە بەمە لەلایەک قەیرانەکانی ناوخۆی ئەشارێتەوە لە لایەکی دیکە لە ڕێگای بازرگانی کردن لەگەڵ دوژمنە سەرەکیەکانی ئەمریکا، لە ڕێگای ئاڵۆزکردنی ئارامترین ناوچەی عێراق کە باشوری کوردستانە، ئەمریکا ناچاری هەندێک شت دەکات. ئامانجە ستاتیژیەکانی پارتی داد و گەشەپێدان و سوپا لە کاریگەرکردنی تورکیا لە ڕۆژیەلاتی ناوەڕاست ئەگەر هاتو ئەوروپا چیدیکە تورکیا بەهەند نەگرێت و داخوازیەکانی ئەو بۆ بونە ئەندام لە یەکێتیەکە قەبوڵ نەکات پەیوەندیەکی باش لەگەڵ سوریا و ئێران ساز دەکات و ئەوەش نەک بەتەنیا وەک ئامانجێکی ستاتیژی بەڵکو لە هەمان کاتدا وەک کارتێکی گوشاریش لە بەرانبەر ئەمریکا دژ بە پڕۆژەی دانان بە کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان لەلایەن ئەمریکا بەکاردێنێ تورکیا پێی وایە لەم ڕێگایەدا ئەمریکا ناچار ئەکات هاوپەیمانێتی و دۆستایەتیەکەی لەسەر داخوازی ئەو بۆ نوێ بکاتەوە یان بیکات بە شەریکی خۆی. ئایا ئەمریکا و تورکیا دەتوانن هاوپەیمانیە تازەکەیان نوێ بکەنەوە؟ ئایا دەتوانن لەسەر چ ڕێکبکەون و لەسەر چ ڕێکنەکەون؟ جارێ دیاری نیە. بەڵام ئەوەی دیارە هەموو وڵاتانی ناوچە ئەوروپا و ئەمریکاش ڕێگا بەوە نادەن تورکیا ئۆپەراسیۆنێک بۆ ناو قوڵایی باشوری کوردستان بکات، هەروەکو ئەنجامی کۆبونەوەکەی 5-11-2007ی نێوان بووش و ئەردۆغان ئاشکرای کرد کە ئەمریکا داخوازیەکانی تورکیا لە بارەی کوردانەوە بە گشتی ئەرێ ناکات.

بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە ئەمریکا سەری کەوتۆتە ناو گێژاوی عێراق و هەوڵی خۆڕزگارکردن دەدات بۆ ئەوە لە لایەک گوشار لەسەر ئێران و سوریا بەکاردێنێ بەڵام لە لایەکی دیکە دەرگاکانی خۆی بۆ دیالۆگ و ڕێککەوتن داناخات ئەوەش ڕەوشی زەحمەتی ئەمریکا لە ناوچەکە نیشان دەدات، ئەگەر ئەوانە لەگەڵ پەیوەندی نێوان حکومەتی مالیکی-تورکیا-سوریا و ئێران لێکبدەینەوە، هەست بە ئەگەر و گومانی مەترسی لەسەر قەوارەی کوردی دەکەین ئەگەری ڕێککەوتنی ئەوانە دژ بە کورد هەر ماوە.

لە بابەتی داهاتودا هەوڵ ئەدەم باس لە پەیوەندی لایەنە کوردیەکان بکەم لە مەسەلەی لەشکرکێشی تورکیادا پەردە لەسەر ئەو بۆچونانە هەڵدەمەوە کە لە ئەوبەری دیواری چاپەمەنیدا دەکرێن.